www.kurdistannet.org
20-10-2006 10:32 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## کۆنفرانسی دانمارک!

## قۆناغی دووەم:

بەشی یەکەم لە قۆناغی دووەم:
خوێنەری هێژا!
لاوانی خۆشەویست!

ئەم نووسراوەیە کۆمەڵێک سەرنجە لە مەڕ کۆنفرانسی دووەمی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات کە لە ڕێکەوتی 14. 10. 2005 ی زایینی، لە وڵاتی دانمارک بەڕێوەچوو.
لەسەرئەم کۆنفرانسە، کۆمەڵێک کاردانەوەی جیا جیا و تووڕە لە لایەن خەڵکانێک کەوتۆتەوە، هەر لەو دەمەی کە کۆنفرانس گیراوە تا کۆبوونەوەی 30. 09. 2006 ی زایینی. ئەو کاردانەوانە سەریان کێشاوەتە لای دژایەتی ڕاستەوخۆی خەڵکانێک بە دژی بەڕێوەبەران و نوێنەرانی بەشداری بووی لاوان، لەو کۆنفرانسەدا!
دیارە من تا ئێستا لە دوو بەشدا جێگای ئەو تەوەرەم کردۆتەوە و هەڵسەنگاندم لە سەری کردووە. ئەو بەشەی ئێستا لە بەر دەست و دیدەی ئێوەی ئازیزدایە، بەشی دووەمی ئەو لێکۆڵینەوە و سەرنجانەن کە بە هۆی ئەوەی باسی ئێستان و زووتر دەبێت بۆ ئێوەی خوێنەر و لاوانی خۆشەویست، شیبکرێنەوە، سەرەتا ئەم بەشەم بڵاو کردۆتەوە!

کەواتە هەر لە ئێستاوە دەچینە سەر باسەکەمان:

سەرەتا وا باشە کە بە وردی سەرنجی ئەو نامانە بدەین کە لە لایەن کاک ڕەحمانی سەلیمی و هەیئەتی ئیجرایی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بۆ کاک سەلاح عەبدوڵاپوور ڕۆیشتوون و لە هەمانکاتدا ئەو ئاگادارییەی کاک سەلاح عەبدوڵاپووریش هەڵسەنگێنین لە مەڕ بەڕێوەچوونی کۆنفرانسێکی بە پەلە بۆ لاوانی دەرەوەی وڵات.

www.kurdistannet.org

20-10-2006 10:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

تکایە بۆ ئەوەی باشتر تەوەرەکان لە لاتان شیبێتەوە، بە باشی ئەو نامەیەی خوارەوە بخوێنەوە:

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی
کوردستانی ئێران
کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی

اتحادیەی جوانان دمکرات
کردستان ایران
ژمارە: ١١٥٠

Democratic Youth Union of Iranian Kurdistan

بەڕێز: دەستەی نوێنەرایەتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات
وێڕای ڕێزو سڵاو!

بە دوای داواکاری بەرپرسی گشتیی دەستەی نوێنەرایەتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات بۆ بەستنی کۆنفرانسی گشتی لاوان لە ئوروپا، هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی لاوان بەو تێبینییانەی خوارەوە موافەقەتی خۆی بۆ ئەم مەبەستە دەردەبڕێ:

١ـ کۆنفرانسی گشتی لاوان لە دەرەوەی وڵات کە لە وڵاتی دانمارك بەسترا، لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتییەوە بە نامەشروع زانرابوو، کە بە دوای راوێژ لە گەڵ ئەندامانی بەڕێزی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات، ئاکامەکانی بۆ **ماوەیەکی کاتی** و تا بەستنی کۆنفرانسێك بە بەشداری هەموو کۆمیتەکان لە دەرەوەی وڵات بە هێندێك تێبینییەوە قبووڵ کرا.

٢ـ لەو کۆنفرانسەدا کە قەرارە لە ئوروپا بگیرێ، دەبێ هەموو کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات لێی ئاگادار ببنەوە و بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری بۆ ئەندامانی لاوان لە سەر ماڵپەڕکانی لاوان دابندرێ.

٣.. میکانیزمی بەڕێوەبردنی کۆنفرانس و چۆنیەتی بەشداری ئەندامان دیاری بکرێ و کۆمیتەی بەڕێوەبەری لە کوردستانی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

٤ـ لە فەزایەکی دێموکراتیکدا و بە لە بەرچاو گرتنی هەموو ئوسوول و پرنسیپەکانی ڕێکخراوەکەمان بەڕێوە بچێ و بۆ ویست و داخوازی و رەخنەو پێشنیاری هەموو ئەندامانی لاوان ڕێز دابنرێ.

٥ـ ئاکامەکانی کۆنفرانس بە زووترین کات بە شێوەی راپۆرتێکی تێروتەسەل بنێردرێتەوە کۆمیتەی بەڕێوەبەری لە کوردستان.

بە ئاواتی سەرکەوتنی لاوان لەو کۆنفرانسەدا

هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی لاوانی
دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٣٨٥/٧/١ی هەتاوی
٢٠٠٦/٩/٢٣ی زایینی

E-mail: yaketilawan@gmail.com Lawan.com lawan.eu Lawan.se Lawan.fi Lawankurd.com

بەو خوێندنەوەیەی کە لەو نامەیەی سەرەوە دەستمان کەوت، دەتوانین بچینە سەر ئەو خاڵانەی کە پێویستە سەرنجیان لە سەر بدرێت:

خاڵی یەکەم:

سەرنج!

ئاماژەدانی ئەو نامەیە بە " دەستەی نوێنەرایەتی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات و بەکارهێنانی دەستەواژەی " دەستەی نوێنەرایەتی"، پیشاندەری ئەوەیە کە لایەنی نێوبراو "کۆیەکن لە دەرەوەی هەرێمی یەک کەسدا" و لە هەمانکاتدا، خاوەنداری ئەو ناوە، دەستەیەکە کە بە فەرمی نێوی هێنراوە و نامەیەکی بۆ بەرێکراوە! گەر " هەیئەتی ئیجرایی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی " ش، بە فەرمی نامەی بۆ نووسیوە، نیشاندەری ئەو راستییەیە کە، ئەو دەستەیەی بە فەرمی ناسیوە و وەک پێکهاتەیەکی دێموکراتیک لە پەیکەرەی گشتی یەکێتی لاوانی دێموکرات، لێی دەڕوانێت. کەواتە ئەم دەستەیە، هەر بە پێی شێوە رێنووس و شێوە رێزمانی ئورگانی سەرەوەتری یەکێتی لاوان، واتە هەیئەتی ئیجرایی، بە پێی دەنگدانێک دەنگیان پێدراوە و ئەرکدار کراون کە ئەو ئەرکە وە ئەستۆ بگرن!

بە دوای داوای "بەرپرسی گشتی دەستەی نوێنەرایەتی"، کە لە رستەی یەکەمی نامەکەدا هاتووە، دەردەکەوێت کە لە لایەک ئەوە یەک کەس بووە لە پێکهاتەی دەستەیەکی هەڵبژێراو کە داوایەکی کردووە و ئەو کەسەش بەرپرس بووە. هەر ئەوەی کە ئاماژەدراوە بە واتای" بەرپرسی گشتی دەستەی نوێنەرایەتی" جارێکی دیکە هەیئەتی ئیجرایی پێ لە سەر ئەوە دادەگرێتەوە، کە دەستەیەک هەیە و ئەو دەستەیەش بەرپرسێکی هەیە. لە هەمانکاتدا وەک لە سەرەوە باسکرا، تەنیا تاکێک، واتە بەرپرس، داوایەکی کردووە!

خاڵی دووەم:

سەرنج!

با بچینە سەر داواکەی بەرپرسی دەستەی نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات، هەڵبژێراوی کۆنفرانسی دووەمی یەکێتی لاوانی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات کە لە دانمارک بەسترا:

لە نامەی هەیئەتی ئیجرایدا وا دەردەکەوێت کە بەرپرسی گشتی دەستەی نێوبراو، داوای گرتنی کۆنفرانسێکی بۆ لاوانی دەرەوەی وڵات کردووە! وردە تێکەڵکردنێکی ناشارەزایانە لێرەوە دێتە خانەی بوونەوە:

1. دەستەیەک ناوی دەبرێت و نامەی بۆ دێت، بەڵام ئاگاداری هیچ باس و خواستێکی لەو چەشنە نییە کە هەر لەو نامەیەدا بۆی دەنێردرێت!

2. باسی گرتنی کۆنفرانسێکی گشتی بۆ لاوانی دەرەوەی وڵات، لە هیچکام لە کۆبوونەوەکانی ئەو دەستەیە باسی لێوە نەکراوە و تەنانەت بەرپرسی دەستەی نوێنەرایەتی گشتی کە ئەو نامەیەی بۆ هاتووە، بۆ یەک جاریش بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەو دەستەیە نەبووە و لە گەڵ هیچکام لە ئەندامانی دەستەکەشدا نێوی وەها باسێکی نەهێناوە.

3. لە گەڵ ئەوەشدا کە هەیئەتی ئیجرایی بچووکترین لێکۆڵینەوەی لە مەڕ ئەو باسە نەکردووە و تەقی هیچ دەرگایەکی نەداوە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەمەڕ ئەم پرسە، بە پەلە قسەکانی بەرپرسێک کە لە سەر حەزی خۆی هێناونیە سەر لێنووس، دەکاتە بەڵگە بۆ پێویستیی گرتنی کۆنفرانسێکی لەو چەشنە و وتە و ووشەی زاریان، لە پڕێ دەبێ بە کوڕێ و بە هەندێک تێبینیەوە، رازی دەبن کە ئەو بەناو کۆنفرانسە بەڕێوە بچێت!

کەواتە هەر لەم بەشەدا ئاکام بەو شێوەیە وەردەگرین کە ئەو داوایە زۆر بە نهێنی رۆیشتووە و زۆریش بە نهێنی وەڵامی دراوەتەوە! داوەری لێرەدا دەهێڵرێتەوە بۆ خوێنەر خۆی! ئەو ئاکام وەرگرتنەی سەرەوە، بۆچوون و باوەڕی ئامادەکاری ئەم نووسراوەیەیە!
خاڵی سێیەم:

سەرنج!

تێبینی یەکەم ئاوا دەردەبڕدرێت:
کۆنفرانسی گشتی لاوان لە دەرەوەی وڵات کە لە وڵاتی دانمارک بەسترا، لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەوە بە نامەشروع زانرابوو، کە بە دوای راوێژ لە گەڵ ئەندامانی بەڕێزی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات، ئاکامەکانی بۆ ماوەیەکی کاتی و تا بەستنی کۆنفرانسێک بە بەشداری هەموو کۆمیتەکان لە دەرەوەی وڵات، بە هەندێک تێبینییەوە، قەبووڵکرا!
بەشی یەکەم لە رستەی یەکەمی تێبینی ژمارە: 1، ئاماژەیداوە بە " کۆنفرانسی گشتی لاوان لە دەرەوەی وڵات کە لە وڵاتی دانمارک بەسترا... !
لێرەدا بە روونی دەردەکەوێت کە خودی بەڕێوەبەری گشتی لاوان لە کوردستان هەرئەو دەمیش نەیانتوانیوە حاشا لەوە بکەن کە کۆنفرانسی دانمارک، هێزی گشتی لاوانی دەرەوەی وڵاتی لە پشتە و لە هەمانکاتدا بەڕێوەچووە و زۆر روونیش ئاماژەشیان بەوە داوە کە لە دانمارک گیراوە. لێرەدایە کە ئەوان تووشی قەیرانی دەربڕین و دارشتن دەبن. بوارە ئورگانی و رێکخراوەییەکەشیان هەر بەو هۆیەوە دەچێتە ژێر پرسیار و پرسیار لێرەدا زەق دەبێتەوە کە بۆ دەبێت، هەر ئەو کۆنفرانسەی خۆتان ناوتان لێهێناوە و هی گشتی لاوانی دەرەوەی وڵاتە و لە دانمارکیش گیراوە، بە حەزی خۆتان هەڵیوەشێنن و ئیرادەی لاوان و نوێنەرانی لاوانی دەرەوەی وڵات بخەنە ژێر رکێفی ویستەکانی خۆتان؟! لە بەشی دووەمی هەمان رستەدا دەڵێت: لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتییەوە بە نامەشرووع زانرابوو! لێرەدا پێویستە زیاتر وردبینەوە بزانین ووشەی زانرابوو، کە باس لە رابردوو دەکات، چی بە دواوە دێت! ئایا هەروا بە بەردەوامی لە کاتی نووسینی ئەم نامە نهێنییەشدا بە نامەشرووع دەزانرێت یان چەند هەنگاو بۆ پاشەوە گەڕاوەتەوە؟! درێژە دەدات و دەڵێت: کە بە دوای راوێژ لە گەڵ ئەندامانی بەڕێزی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات، ئاکامەکانی بۆ ماوەیەکی کاتی و تا بەستنی کۆنفرانسێک... هتد، قەبووڵکرا! کەواتە ئەو کۆنفرانسە جارێکی دیکە ئاکامەکانی قەبووڵ دەکرێن لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی لاوانەوە. بە دەربڕین و لێهەڵێنجانێکی دیکە، دەتوانین بڵێین، ئەو دەستەیە فەرمییە و ئەو کەسانەش کە کۆنفرانس دەنگی پێداون، پێکهاتەی دەستەی نوێنەرایەتی لاوان لە دەرەوە پێکدێنن و تا گرتنی کۆنفرانسێکی دیکە ئەرکی بەڕێوەبەریی لاوانیان لە دەرەوە بە ئەستۆیە و دەبێت کۆنفرانسێکی دیکە ئەوان هەڵبوەشێنێتەوە! ئەو نامەیە نیشان دەدات کە هەیئەتی ئیجرایی سەرەرای ئەوەی دەزانێت دەستەیەک نوێنەرایەتی ئەوان دەکات لە دەرێ، بە نهێنی نامەیەکی نهێنی بۆ تەنیا کەسێک نووسیوە کە ئەویش لە پێوەندی لە گەڵ جێبەجێکردنی حەزەکانی ئەو کەسەدا هاتووە!
لێرەدایە کە پرسیارێکی دیکە خۆی زەق دەکاتەوە: وەڵامی هەیئەتی ئیجرایی بۆ ئەو دەستەیە لەمەڕ ئەو هەڵە بەرچاوەیان دەبێ چی بێت؟!
تێبینی دووەم بەم شێوەیە دادەڕێژرێت:
لەو کۆنفرانسەدا کە قەرارە لە ئوروپا بگیرێت دەبێ هەموو کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات لێی ئاگادار ببنەوە و بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری بۆ ئەندامانی لاوان لە سەرماڵپەڕەکانی لاوان دابندرێ.

بەشی یەکەمی رستەی یەکەم لە تێبینی دووەم، واتە: لەو کۆنفرانسەدا کە قەرارەلە ئوروپا بگیرێت، ئاماژە نەدراوە بە کات و شوێنی ئەوکۆنفرانسە کە باسی لێوەدەکرێت و تەنیا قەرارە بگیرێت! هەرەوەها نووسراوە کە پێویستە هەموو کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵاتی لێئاگادار بکرێت و... هتد!
تێبینی ژمارە سێ ئەو نامەیە بەم شێوەیەیە:
میکانیزمی بەڕێوەبردنی کۆنفرانس و چۆنیەتی بەشداری ئەندامان دیاری بکرێ و کۆمیتەی بەڕێوەبەری لە کوردستانی لێئاگادار بکرێتەوە.
تێبینی چوارەمی ئەو نامەیە:
لە فەزایەکی دێموکراتیکدا و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئوسووڵ و پرنسیپەکانی رێکخراوەکەمان بەڕێوەبچێ و بۆ ویست و داخوازی و رەخنە و پێشنیارەکانی هەموو ئەندامانی لاوان، رێز دابنرێ.
تێبینی پێنجەمی نامە نهێنییەکە:
ئاکامەکانی کۆنفرانس بە زووترین کات بە شێوەی راپۆرتێکی تێروتەسەل بنێردرێتەوە کۆمیتەی بەڕێوەبەری لە کوردستان.
لەو سێ تێبینییەی دوایدا، کۆمەڵێک خاڵ باس دەکرێن کە هەیئەتی ئیجرایی تەنیا لێرەدایە دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامە و پێرەوی نێوخۆی یەکێتی لاوان. لە بەشەکانی دیکەی نامەکەدا بە روونی شێوەیەک لە سەرلێشێواوی و بە پەلە هەڵوێست گرتن و خۆ سەپاندنێکی ناشارەزایانە بە دیدەکرێت. هەر بە پێی ئەو تێبینییانەی باسمان کردن کە دەتوانن سەرچاوەگرتووی بەرنامە و پێرەوی لاوان بن، لە داهاتووی تەوەرەکانی ئەم باس و سەرنجانەمان، هەیئەتی ئیجرایی رووبەڕووی هەندێک پرسیار دەکەینەوە کە پێویستە بۆ خۆشیان وەک تێهزرینیش بووە، ئەو پرسیارانە ئاراستەی خۆیان بکەن!
بە کورتی و لەم بەشە لە لێکۆڵینەوەکەمان، سێ لایەنی تەواو جیاواز لە نامەیەکی یەک لاپەڕەییدا دەبینین کە بریتین لە:
1. لە دەستپێکی نامەکەدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی، کۆنفرانسێکی رەوای بە ناڕەوا زانیوە و هەروەک خۆشی ئاماژەی پێدەدا؛ ئەو کۆنفرانسە، کۆنفرانسی گشتی لاوانی دەرەوەی وڵات بووە و لە دانمارکیش گیراوە!
2. پاش ماوەیەک، لە دانی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆنفرانسە پەشیمان دەبێتەوە و کۆنفرانس بە رەوا دەزانێت.
3. بەشی کۆتایی نامەکە باس لە کۆمەڵێک پرنسیپ و میتۆدی دێموکراتیک و پتەو دەکات کە لە گەڵ ئەو زوو بڕیاردان و زوو پەشیمانبوونەوەی هاوڕێیانی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی و هەیئەتی ئیجرایدا، نایەتەوە.
لە کۆتایی سەرنج و لێکۆڵینەوەکەمان لە مەڕ ئەم نامە نهێنییە، ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ دەدەین کە کاکڵە خۆشەی روونبوونەوەی زۆر لە ئاکارە نهێنییەکانی ئەم نامەیە و نووسەرانی ئەم نامەیە دەردەخات. ئەو خاڵەش، رێکەوتی نووسینی ئەم نووسراوەیەیە، واتە: 23. 09. 2006 ی زایینی.
ئەو رێکەوتەی سەرەوە لە بیرمەکە و لە گەڵ ئەوەشدا با پێکەوە وردە وردە بچین بەرەوە تەوەری دیکەی باس و سەرنج و لێکۆڵینەوەکەمان لە مەڕ ئاگادارییەکەی کاک سەلاح عەبدولڵاپوور کە رێکەوتی 26. 09. 2006 ی زایینی، لە سەر هەندێک لە ماڵپەڕەکان، بڵاوی کردۆتەوە!

www.kurdistannet.org
20-10-2006 10:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کۆنفرانسی دانمارک

## قۆناغی دووەم:

بەشی دووەم:

بەشی دووەمی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و سەرنجەکانمان لە مەڕ ئاگادارییەکەی کاک سەلاح عەبدوڵاپوورە کە ڕێکەوتی 26 .09 .2006 ی زایینی لە سەر هەندێک ماڵپەڕ بڵاوی کردۆتەوە:

دەقی ئاگادارییەکەی کاک سەلاح عەبدوڵاپوور:

ئاگادارییەک لە لایەن نوێنەرایەتی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات

هەمووئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوان ئاگادار دەکەینەوە کە بەدوای نامەشروع ڕاگەیاندنی کۆنفرانسی لاوانی دەرەوەی وڵات لە دانمارک، بەڕیوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوان لە کوردستان بەڵێنیدا کە بەزوترین کات کۆنفرانسێکی گشتیی بۆ یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی ولات پێک بێنێ. هەر بۆ ئەم مەبەستە یەکیەتیی لاوان لەدەرەوەی وڵات لە هەوڵی پێکهێنانی کۆنفڕانسێکی گشتیی دابووە بۆ یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەدوای ئامادەکاری تەواو بۆ کاروباری ئەم کۆنفڕانسە و لەسەر داواکاری بەپرسی گشتیی لاوان لەدەرەوەی وڵات، بەڕێوەبەری گشتیی لاوان لە کوردستان ڕەزامەندی خۆی بۆ گرتنی کۆنفرانسێکی گشتیی و ئازاد لە دەرەوەی وڵات ڕاگەیاندووە.

بۆیە بە پێویستمان زانی کە لاوانی خۆشەویست ئاگادار بکەینەوە کە ئەم کۆنفرانسە بە شێوەیەکی ئازاد و دێموکراتیک لە رۆژی شەممە، ڕێکەوتی 30ی سپتامبری 2006ی زایینی لە وڵاتی نۆرویژ بەڕێوە دەچێ. پێویستە هەموو کۆمیتەکانی لاوان لە وڵاتەکان ئاگاداربن کە شێوازی بەشداربوون لەم کۆنفرانسە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1. هەموو ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی وڵاتەکان بە هەقی دەنگەوە مافی بەشداربوون لەم کۆنفرانسەیاندا هەیە.
2. یەک نوێنەر لە کۆمیتەی هەر شارستانێک بە هەقی دەنگەوە مافی بەشداربوون لەم کۆنفرانسەیاندا هەیە.

بە هیوای بەڕێوەچوونی کۆنفرانسێکی سەرکەوتوو و دێموکراتیک.

تێبینی: سەبارەت بە کۆمیتەی سوئێد ئێمە لەگەڵ هەردوو لایەن قسەمان کردوە و ئاگادارمان کردوون کە تا چارەسەرکردنی کێشەکانیان و گرتنەوەی کۆنفرانسێکی مەشروع و دیموکراتیک بۆ هەموو ئەندامانی یەکیەتی لاوان لەم وڵاتەدا هەردوو کۆمیتەی بەڕێوەبەری کاتی و نوێنەرانی کۆبوونەوەکەی ڕێکەوتی 2ی سپتامبری 2006 ی زایینی دەتوانن بەشداری ئەم کۆنفرانسە بن.

بۆ ئاگادرای زیاتر دەتوانن پێوەندی بەم ژمارە تەلەفوونەوە بگرن:

004793607597

یان لەگەڵ ئەم ئیمەیلەدا پێوەندی بگرن:

ڕۆژی 26 ی مانگ ئەم ئاگادارییە بڵاو بووەتەوە و ئەو ڕۆژە هیچ ئیمایلێکی لەگەڵ دانەنرابوو!

نوێنەرایەتیی گشتیی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات.

2006 .09 .26

تێبینی: خوێنەری بەڕێز، ئەو ئاگادارییەی سەرەوە، دەقی هەڵگیراوی ئاگادارییەکەی کاک سەلاحی عەبدوڵاپوورە کە بۆ گرتنی بەناو کۆنفرانسی لاوان لە دەرەوە ڕێکەوتی 26. 09. 2006 ی زایینی بڵاوی کردووە. هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمانیی ئەو ئاگادارییەی سەرەوە پێویستە نووسەری ئاگادارییەکە وەڵامی بداتەوەو نووسەری ئەم دێڕانە بەرپرسی ئەو هەڵانە نییە! ئەوەی کە مەبەستی باسەکەی ئێمەیە، ناوەرۆک و کاکڵە خۆشەی ئاگاداری نێوبراوە!

لە ڕستەکانی یەکەمیدا دەڵێت:

هەموو ئەندامان و لەیەنگرانی یەکێتی لاوان ئاگادار دەکەینەوە کە بە دوای نامەشرووع ڕاگەیاندنی کۆنفرانسی دەرەوەی وڵات (کۆنفرانسی گشتی لاوانی دەرەوەی وڵات کە لە دانمارک گیرا)، بەرێوەبەری گشتی یەکێتی لاوان لە کوردستان بەڵێنی دا کە بە زووترین کات کۆنفرانسێکی گشتی بۆ یەکێتی لاوان لە دەرەوەی وڵات پێک بێنێ.

خاڵی یەکەم:

سەرنج!

لێرەدا روونە کە هەروەک نامەی هەیئەتی ئیجرایی ـ نەک بەرێوەبەری گشتی_ ئاماژەی پێداوە، ئەو کۆنفرانسەی کە لە دانمارک گیراوە، کۆنفرانسی گشتی لاوانی دەرەوەی وڵات بووە. ئەوەی کە لێرەدا زیاتر جێگای لێوردبوونەوەیە ئەوەیە کە، ئاگادارییەکەی کاک سەلاح دەڵێت: بە دوای نامەشرووع ڕاگەیاندنی کۆنفرانسی دەرەوەی وڵات... هتد! بەڵام هەر بە پێی نامە نهێنییەکەی هەیئەتی ئیجرایی بۆ کاک سەلاح، ئەو کۆنفرانسە و ئاکامەکانی تا کۆنفرانسێکی گشتیی دیکە، قەبوڵکراوە! هەر لەم چەند ڕستەیەی سەرەوە، بە شێوەیەکی زۆر روون دیارە کە ئەو دوو نووسراوەیە لە گەڵ یەکدی نایەنەوە! بۆ؟ بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام، ئەو پرسیارە ئاراستەی هەیئەتی ئیجرایی و کاک سەلاح عەبدوڵاپوور دەکەین و گەر توانییان زیاتر بیر لە سەر ئەو بابەتە بکەنەوە و وەڵام بدەنەوە!

هەمدیسان ئەوە وەبیر دێنینەوە کە ئەو ئاگادارییەی کاک سەلاحیش پێیوایە ئەو کۆنفرانسەی دانمارک، کۆنفرانسی گشتی دەرەوەی وڵات بووە و بەو نێوە نێوی هێناوە! کەواتە بۆ هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەدەن؟ ئەوەش پرسیارێکی دیکە بوو کە گەر توانییان وەڵام بدەنەوە!

هەر لەم بەشەدا دوو گووتەی جیاواز لە یەک زمان و یەک سەرچاوەوە دێنە دەرێ! واتە دوو دەربڕینی جیا لەیەکدی، کە یەکێکیان هەیئەتی ئیجراییەوە و ئەوی دیکەیان کاک سەلاح عەبدوڵاپوورە، ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی لاوان لە دەرەوەی وڵات!

خاڵی دووەم:

سەرنج!

لە سەرەتادا ئاگادارییەکەی کاک سەلاح دەڵێت: بە دوای نامەشرووع ڕاگەیاندنی کۆنفرانسی گشتی دەرەوەی وڵات! کاتێک کۆنفرانس هەڵوەشێنراوە، ئیدی دەرەوەی وڵات، بەرپرس و دەستەیەکی نابێت! هەر لە ڕستەی پاش ئەو ڕستەیە دەڵێت: بەرێوبەری گشتی لە کوردستان بەڵێنی دا... هتد! هەر پاش ئەو ڕستەیەش دەڵێت: هەر بۆ ئەو مەبەستە یەکێتی لاوان لە دەرەوەی وڵات لە هەوڵی پێکهێنانی کۆنفرانسێکی گشتیدا بووە بۆ یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

ئەو چەند رستەیەی سەرەوە پڕن لە تێکەڵ پێکەڵی و رستەی یەکەم رستەی دووەم هەڵدەوەشێنێتەوەو رستەی دووەم رستەی یەکەم بێ تانوپۆ دەکات!
گەر کۆنفرانس هەڵوەشاوەتەوە، ئیدی ئەو یەکێتی لاوانەی کە لە دەرەوە لە هەوڵی پێکهێنانی کۆنفرانسدا بووە و ئامادەکاری بۆ کردووە، دەبێ کێ بن؟! یان گەر هەڵنەوەشێنراوە و تا کاتی نووسینی ئەو ئاگادارییەش هەر هەبووە، ئیدی بۆ لە سەرەوە ئاماژە دراوە بە، بە نامەشرووع زانینی کۆنفرانس؟
خاڵی سێیەم:
سەرنج!

لە رستەکانی دیکەدا بەم شێوەیە درێژە دەدات و دەڵێت:

بە دوای ئامادەکاری تەواو بۆ کاروباری ئەو کۆنفرانسە و لە سەر داوای بەرپرسی گشتی لاوان لە دەرەوەی وڵات، بەڕێوەبەری گشتی لە کوردستان رەزامەندی خۆی بۆ گرتنی کۆنفرانسێکی گشتی و ئازاد لە دەرەوەی وڵات راگەیاندووە!
لێرەدا ئاماژە دراوە بە"لە سەر داوای بەرپرسی گشتی لاوان لە دەرەوەی وڵات"!
لە سەرەوە دەڵێت کۆنفرانس هەڵوەشاوەتەوە و لێرەدا دەڵێت بەرپرسی گشتی دەرەوەی وڵات! جارێکی دیکە دەتوانین ئەوە وە بیر بێنینەوە کە گەر کۆنفرانس و دەستەی نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات هەڵوەشێنراوە، ئیدی بەرپرسێک بوونی نابێت!
کام بەرپرس؟ بەرپرسی کێ؟!
لە لایەکی دیکەشەوە دەڵێت: بەڕێوەبەرایەتی گشتی یەکێتی لاوان بەڵێنیدا کە کۆنفرانسێکی گشتی بۆ یەکێتی لاوان لە دەرەوەی وڵات پێکبێنێت. لێرەدا دەڵێت: بە دوای داوای بەرپرسی گشتی لە دەرەوە، بەڕێوەبەریی گشتی لە کوردستان رەزامەندی دەربڕی. پێویستە وەبیربهێنرێتەوە کە دوو ووشەی بەڵێنی دا و رەزامەندی، دوو واتای جیاوازیان هەیە!
گەر ئەوان بەڵێنیان داوە، ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو ئیرادە وهێز و توانا ئورگانییەکان هی ئەوانە و دەیانەوێت پاش داوایەک کە لێیان کراوە، هەندێک شت ببەخشن بە خەڵکانێک کە هەر هەموو بابەتەکان هی ئەوانە و بۆ ئەوانە و لە ئەوانە! بەڵام گەر رەزامەندی خۆیانیان دەربڕیوە، پیشاندەری ئەوەیە کە داوایەک چووەتە بەردەستیان و ئەوان لێرەدا تەنیا چاوەدێر دەبن و هاوکار! ئیدی نە هیچ بە کەس دەدەن و نە دەبن بە خاوەن ئیرادەی کەسانی دیکەش!
بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا ئەوە ناشارێتەوە کە ئەوان تەنیا لە گەڵ یەک کەسدا بڕیاریان لە سەر ئیرادەی بە سەدان تاکی ئەندام لە یەکێتی لاواندا، داوە! ئەوەش شایانی تێهزرین و لێوردبوونەوەی زیاترە!

# کۆنفرانسی دانمارک

## قۆناغی دووەم

## بەشی سێیەم

خاڵی چوارەم:
سەرنج!

لەم بەشە لە لێکۆڵینەوەکەمان دەچینە سەر بەشێک کە زۆر سەرنج راکێشە و بە روونی پیشان دەدات کە ئەم بە ناو کۆنفرانسە لە هەرێمی کۆمەڵێک پیلاندا خۆی دیوەتەوە و لە حەوت خانی رۆستەم دەرکراوە، جا ئەوەدەم گەیشتۆتە سنووری ئاشکرا کردن! تکایە سەرنج بدەنە ئەم بەشەی دیکەی ئاگادارییەکەی کاک سەلاح:

بۆیە بە پێویستمان زانی لاوان خۆشەویست ئاگادار بکەینەوە کە ئەم کۆنفرانسە بە شێوەیەکی ئازاد و دیموکراتیک لە رۆژی شەممە، رێکەوتی 30 ی سپتامبری 2006 ی زایینی لە وڵاتی نورویژ بەڕێوەدەچێ. پێویستە هەموو کۆمیتەکانی لاوان لە وڵاتەکان ئاگاداربن کە شێوازی بەشداربوون لەم کۆنفرانسە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

هەروەک لە نامە نهێنییەکەی هەیئەتی ئیجرایدا دیتمان، رێکەوتی نووسینی ئەو نامەیە 23. 06. 2006 ی زایینی بوو! گەر سەرنج بدەنە ئاگادارییەکەی کاک سەلاح دەبینن کە رێکەوتی 26. 09. 2006 ی زایینی نووسراوە. واتە پاش سێ رۆژ لە نامەی هەیئەتی ئیجرایی. بە قەوڵی کاک سەلاح، بەڕێوەبەریی گشتی یەکێتی لاوان لە دەرەوە هەموو ئامادەکارییەکی کردووە! زۆر سەیرە! هەموومان دەزانین کە لە ماوەی سێ رۆژدا قەت ناتوانرێت ئامادەکاری تەواو بکرێت بۆ کۆنفرانسێکی ئاوا بەرین بۆ لاوانی دەرەوەی وڵات و ئەوەی کە ئاماژە دراوە کە هەموو ئامادەکارییەک کراوە، خەیاڵێک زیاتر نییە! کام ئامادەکاری؟! جێگا، رێگا، ئاگادارکردنەوەی رێکخستنەکانی لاوان لە هەموو وڵاتان و پاشان هەموو کۆمیتە ناوچەکانی لاوان لە هەموو وڵاتان؟! کام ئامادەکاری تەواو؟!

تێبینی: گەر بە شێوەی نهێنی، نووسەرانی نامە نهێنییەکەی هەیئەتی ئیجرایی و کاک سەلاح و خەڵکانی دیکە، تەنانەت پێش لە نووسینی نامەکە ئامادەکاری تەواویان کردبێت لە رێگای تلیفوون و ئیمایل و...، ئەوە هیچ قسەیەکم نییە! پێشموایە ئەوەی کە دەڵێت: ئامادەکاری تەواو کراوە، لەوانەیە لەو روانگەوە دروست بێت! دەنا قەت بە سێ رۆژ ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسێکی گەورە و بەرین بۆ دەرەوەی وڵات، سەرکەوتوو نابێت و لە گەڵ ئاوەزیشدا نایەتەوە!

گەر هەموو ئامادەکارییەک کراوە، بۆ ئێستا و لە رێگای ئاگادارییەکەوە، بە کۆمیتەی وڵاتان و بە کۆمیتە ناوچەکان دەڵێی: مەرجی ئامادەبوون لەم بە ناو کۆنفرانسەدا ئاوایە؟! خۆ، ئامادەکاری تەواوت کردووە، ئیدی بۆ، ئێستا ئەو بابەتە رێکخراوەییە دێنیت لە سەر ماڵپەڕەکەت بە ئەرزان بە خەڵکی دیکەی دەفرۆشی؟!!

خاڵی پێنجەم:
سەرنج!

با بچینە سەر بەشی، چۆنیەتی بەشداری لەم بەنێو کۆنفرانسە:

1. هەموو ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی وڵاتەکان بە هەقی دەنگەوە مافی بەشداربوون لەم کۆنفرانسەیاندا هەیە.

2. یەک نوێنەر لە کۆمیتەی هەر شارستانێک بە هەقی دەنگەوە مافی بەشداربوون لەم کۆنفرانسەیاندا هەیە.

گەر لێرەدا بەڕێز کاک سەلاح کە بەرپرسی دەستەی نوێنەرایەتی یەکێتی لاوان لە دەرەوە بوو، باوەڕی بەوە هەیە کە کۆمیتەی گشتی وڵاتەکان هەن، گەر باوەڕی بەوە هەبوو کە کۆمیتە ناوچەکان هەن و ئەو نرخیان بۆ دادەنێ و گوێبیستی بۆچوون و هەڵوێستەکانیان دەبێت، بۆ دەبێ راست سێ رۆژ بەر لەو بەنێو کۆنفرانسە ئاگاداریان بکاتەوە؟ بەرپرسێک کە خۆی بە بەرپرس دەزانێت، هیچ رێگا و میکانیزمێکی دیکەی نەبوو تا ئەوەی کوێرم شەلم ناپارێزم، بێت و لە رێگای ئاگادارییەکەوە کە تەنیا سێ رۆژ کاتی لە گەڵە، کۆنفرانسێک بەرێوە بەرێ؟

باشە کاک سەلاح کە ئەم ئاگادارییەی نیشانیدا چەندە لە ئاستێکی نزمدایە لە بواری رێکخراوەییەوە و چەندە بێ نفووزە لە نێو لاواندا کە تەنانەت توانای ئەوەی نییە بانگهێشتێکی رێک وپێک بەرێخات و لە هەمانکاتدا بە تەنیا خۆی بە دەستەی نوێنەرایەتی دەزانێت لە دەرەوەی وڵات و گوێ بۆ کەسی دیکە ناگرێت، بۆ دەبێت بەردەوام هەوڵبدات کە قەیران پێکبێنێت و بیەوێت بە زۆر خۆی بسەپێنێت؟!

ئەو بانگهێشتی هەموو ئەندامانی کۆمیتەی گشتی وڵاتەکانی کردووە! بەڵام دەبینین لە کۆمیتەی گشتی یەکێتی لاوان لە وڵاتی نورویژ، تەنیا یەک کەس لەوی بەشدار دەبێت، ئەوەش بە بێ رەزامەندی و دانیشتنی کۆمیتەی گشتی!

ئەو بانگهێشتی هەموو کۆمیتە ناوچەکانی کردووە، کەچی تەنیا سێ کەس لە ئەندامانی کۆمیتە ناوچەکان، ئەوەش بە بێ پرسی کۆمیتەکانیان و بە بێ هیچ شێوە دەنگدان و خۆ کاندیدکردنێک.

هەر لەو پێکهاتەیەی کە بە قەوڵ، خۆیان کاندید کردووە و دەنگیان هێناوەتەوە بۆ کۆمیتەکەی کاک سەلاح، چەندەیان ئەندامانی کۆمیتە ناوچەکان بوونە و چەندەیان ئەندامانی لاوان بوونە و چەندەیان مافی دەنگدانیان هەبووە؟ بە هەر هەموویانەوە چەند کەس بوونە؟! واتە بە پیر و بە لاوەوە!

یەکێتی لاوان لە وڵاتی نورویژ خاوەن 10 کۆمیتە ناوچەیە کە دەبوو بە پێی ئەو مەرجانەی کاک سەلاح، هەر لە کۆمیتە ناوچەکان 10 کەس بە مافی دەنگەوە پاش ئەوەی دەنگیان لە کۆمیتە ناوچەی خۆیان وەرگرتبا، بەشداری ئەو بە ناو کۆنفرانسە ببان! هەروەها پێویست بوو کە 6 کەسیش لە کۆمیتەی گشتی وڵات بە مافی دەنگەوە بەشدار بایە، کە لە سەر یەک دەبوون بە 16 کەس!

بەڵام دەبینین ئەو هاورێیانەی ئەرکدارن لە کۆمیتەکانی لاوان لە نورویژ، کە بە فەرمی ئەرکی ئەندامەتی کۆمیتەکانیان لە سەر شانە و لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدارییان کردووە، تەنیا چوار کەسن کە ئەمەش ناوەکانیانە:

1. ناسر فەتاحی
2. زانیار زەهرایی
3. نەوژین رۆستەمی
4. رامین شێنانی

ئایا گەر بە شێوەی بیرکاریش لێکی بدەینەوە، 4 کەس دەتوانن لە نەبوونی 12 کەسەکەی دیکەدا، رەوایی بدەن بە کۆبوونەوەیەکی لەو شێوەیە و بیکەن بە کۆنفرانسێکی فەرمی؟!

هەروەها گەر بچینە سەر بەشداری لاوانی سووئد، گەر ئەوانەش لەوێوە هاتوون بۆ بەشداریکردن لەو کۆبوونەوەیە، بخەینە چوارچێوەی ئەژماردن، بڵێی چەندەیان ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بووبن؟!

لاوان لە وڵاتی سووئد بە پێی ماڵپەری لاوان لە سووئد، خاوەن 14 کۆمیتەن ئەوەش جگە لە 9 کەسی کۆمیتەی بەرێوەبەریی گشتییان کە لە کۆنفرانسی حەوتەمی گشتی خۆیاندا هەڵبژێراون!

کەواتە دەبوو تەنیا لە ولاتی سووئد، 23 کەس بە نوێنەرایەتی لاوان لەو ولاتە، بەشداری ئەو بە ناو کۆنفرانسە بانایە!

هەمدیسان لێرەدایە کە دەپرسینەوە، ئایا بە راستی ئەو سێ رۆژە کاتەی کە دراوە لەو ئاگادارییە، توانی ئامادەکاری تەواو بکات بۆ بەشداری تەواوی نوێنەرانی لاوان لەو بەناو کۆنفرانسە؟!

بۆ ئەوەی تۆی خوێنەری بەرێز زیاتر راستییەکانت لە لا روون ببنەوە، خراپ نابێت گەر سەرنج بدەیە ئەو وێنەیەی خوارەوە!

تێبینی: ئەو وێنەیە، هەرهەموو بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیەی لەخۆ گرتووە!



لە پێوەندی لە گەڵ، دەنگدەران و هەڵبژێراوانی ئەو کۆبوونەوەیە، گەر پێویست بکات_هەرچەند لە لای هەمووان روونە_ زانیاری تەواو دەخرێنە پێش چاو و ئەودەم هەر بەپێی مەرجەکانی کاک سەلاح خۆی، دەچینە سەر رەوابوون یان رەوانەبوونی دەنگدان و خۆکاندیدکردنەکان و دەنگهێنانەوەکانی ئامادەبووانی ئەو کۆبوونەوەیە!